

## سەیوان کارێزمای جوانی بـ

مۆدێکی فەرەنسی تازەیە و زۆربەی خانمانی ئەو وڵاتە نەوەك هەر تەنیا لە وەرزی زستان، بەڵکو لە وەرزەکانی دیکەشدا سەیوان هەڵدەگرن، لەو رۆژانەی کە بارانیش نەبێ، سەیوان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و بە دەستەوەیانەوە دەبێت، بە پێی وتەی (کەیت سپادی) خانمە دیزاینەری فەرەنسی ئەگەر خانمێك بیەوێ سەرنجراکێش بێ، دڵی کەسانی دیکە بۆ خۆی رابکێشێ، با سەیوانێك لە دەست بگرێت، بەهۆی ئەوەی سەیوان سەرنجی هەمووان رادەکێشێت و کارێزمایەك بە جەستە ودەست و شێوەی ئافرەتان دەدات،

## سەرپێچی زستانە بۆ خانمان

ئەو ئێکسسوار و کەرەستانەی لە وەرزی زستاندا جێگەی بایەخ و گرنگن بۆ خانمان، ژمارەیان کەمە و تەنیا چەند چەشنێکن، چونکە لە وەرزی زستاندا، دەبێ زیاتر بایەخ بە جلوبەرگ بدرێت، لێرەوە شوێنی خشڵ و ئێکسسوارەکان دیارنابن، بەڵام هەندێ پۆشاك هەن، لە کاتی سەرمادا گرنگن و خانمانیش دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن، لەوانە: ملپێچ و سەرپێچ و دەستەوانە و شاڵی مل، یەکێکە لەو پۆشاکانەی جگە لەوەی بۆ خۆپاراستن لە سەرما لەمل و سەر و دەست دەکرێن، هەروەها مۆدێکی بەرچاوە لە شێوازەکانی جلدا، سەرپێچ، بریتییە لە پۆشاکێکی گەرم و نەرم، کە لە سەر دەکرێ و هەندێکیان دەخرێتە سەر نێوچەوان و هەندێکی دیکەش لە ناوەڕاستی سەرەوە دەبێ، لە بەشی دواوەش دەکەوێتە سەر پشتەمل و بەشی دواوەی سەر، گرنگی ئەو پۆشاکە لە سێ لایەندا دەبینرێت، یەکەمیان بۆ پاراستنی سەر و نێوچەوانە لە سەرما و سۆڵە، دووەمیش بۆ جوانی و سەرنجراکێشبوونە، سێیەمیش بۆ بەستن و هەڵگرتنی پرچە، سەبارەت بە رەنگەکانیش واجوانە لەو وەرزەدا، رەنگێکی تۆخی هەبێ، کە زیاتر لە سوور و سپی بێت، یان دەکرێ رەنگاورەنگ بێت، تا لە دوور و نزیکەوە بەرچاو بێت.



## ـــــه خانمان دەبەخشێت

چونکە خانمانی سەیوان بە دەست، سەرنجڕاکێش و نازدارن! سەیوان، ویڕای ئەوەی لە باران و تەڕ بوونت دەتپارێزێت، کە زۆر جار دەبێتە هۆی تێکچوونی ماکیاژ و سەر و پرچت، هەروەها دەتوانی بەو کەرەستەیە خۆت لە ڕەشەبای بەهێز بپارێزێت، جگە لەوەش کەرەستەیەکە بۆ گونجاندنی شێوە و مۆدە بەکاردێ، بۆ نموونە: دەتوانی ڕەنگی سەیوان و جلەکەت هاوڕەنگ و هاوشێوە بن، بەڵام مەرجە کە سەیوانەکەت ڕەنگاوڕەنگ بێت، یان لە ڕەنگی تۆخ بێت.



## خۆڵەمێشی و ڕەساسی شاڕەنگی جلوبەرگە

ئافرەتان لە زستاندا، گرنگی زیاتر بە جلوبەرگ دەدەن، بەهۆی ئەوەی کەش و هەوا ساردە، گەر جلێکی باشیان لەبەر نەبێ، بەهۆی سەرماوە نەخۆش دەکەون هەندێ جاریش سەرما کاریگەری خراپی بۆ جەستەیان دەبێ، بەمەش تەندرووستیان تێکدەچێ وجوانیشیان دەشێوێت.


خانمی بەڕێز پێویستە لەم وەرزەدا جلێکی باش و تۆکمەت لەبەر بێت و خۆت بپارێزێت، ڕاوێژکاری جوانی شێوە و جلوبەرگی ئەڵمانی (زیلگە گیرلوف) دەڵێ: مەرجە خانمان لەو وەرزەی سەرمادا، جلێکی باش و پۆشتەیان لەبەر بێ، لە هەمان کاتیشدا لە شێوە و جوانیدا سەرنجڕاکێش و نایاب بێ، ڕەنگە لە زستاندا، نەخش و شێوەی جلوبەرگ ئەوەندە بەرچاو نەکەون، ئەو ڕاوێژکارە بەوە ئامۆژگاری خانمان دەکات، کە زیاتر گرنگی بە ڕەنگی جلەکیانیان نەوەك شێوە و نەخشەکەی بدەن، کاریگەری ڕەنگ دوو ئەوەندە لە جوانی شێوە و نەخش زیاتر و بەرچاوترە، جوانترین ئەو ڕەنگانەی لەو وەرزەدا دەبن بە شاڕەنگ بۆ جلوبەرگی خانمان، زیلگە پێیوایە خۆڵەمێشی و ڕەساسی جوانترین ڕەنگی جلە لە وەرزی زستان، هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوە کردووە، کە ڕەنگەکان مەرج نییە تەنیا تۆخ بن، دەکرێ ئەو دوو ڕەنگە بە کاڵی و تۆخی لەبەر بکرێن، بە تایبەت جلەکانی بەشی خوارەوە کە پانتۆڵ و تەنوورەیە لە ڕەنگی ڕەساسی تۆخ بێ، جلەکانی سەرەوەش لە ڕەساسی کاڵ بێت.



# گاڵتە و گەپ و جووڵە سەیرەکانی سەرکردەکان


سەرکردەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان، وێڕای ئەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی جەنگ و شەڕ و ئاشتی و ڕێکەوتنەکانیان بە دەستە، دواجار ئەوانیش مرۆڤن وجگە لە کاتی کۆبوونەوە و دانیشتنە فەرمییەکانیاندا، کە بەو پەڕی جددییەت و واقعیانە مامەڵە و جوولە دەکەن، کەچی لە ژیانی ڕۆژانە و دوای کۆبوونەوەکاندا، چەندین گاڵتە و گەپ و جووڵەی سەیر و سەمەرەیان هەیە، ئەوەی خەڵك دەیبینێت زیاتر لایەنە فەرمییەکانی ئەو سەرکردانەیە، کاتێك جووڵەیەکی سەیر یان گاڵتەیەکی یەکێك لەو سەرکردانەی بەرچاو دەکەوێ، دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان، لەو سەرکردانەی زۆرترین گاڵتە گەپ دەکەن، پشکی شێر بەر باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دەکەوێت، لە کاتی سەردانی شوێنە گشتییەکان و دەرچوونە نافەرمییەکانیدا، جوولە و گاڵتەی زۆر دەکات، بە پێکەنین و ڕووێکی خۆشەوە خۆی لەگەڵ خەڵك دەگونجێنێت، هەر یەکە لە سیلڤیۆ بەرلسکۆنی سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا و دیڤید کامیرۆنی سەرۆك وەزیرانی ئێستای بەریتانیا، بە جوولە سەیرەکانیان دەوروبەریان دەهێننە پێکەنین، جار جارەش ڕووخسارە سەیرەکەی پۆتین بە جوولە گرژەکانی دەکەوێتە بەر زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسان و وێنەی سەیری دەگرن، ترامبی پاڵێراو بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، کە هەر خۆی بە جوولەی سەیر و ڕووخساری بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر هەمووان بە پێکەنین و گاڵتەپێکردن دەهێنێت، سەیرترینیان وێنەی سیناتۆری ئەمریکی جۆن مەکینە، کە لە دوای ئۆباماوەیە و زمانیشی دەرهێناوە !











# کوردستان لە ڕۆژی ئاڵادا

ڕۆژی (١٧-١٢)ی هەموو ساڵێك لە کوردستان، بە ڕۆژی ئاڵا دەناسرێ، لەو ڕۆژەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، ئاڵای کوردستان بە دەستیانەوە دەگرن، هەروەها لە شوێنە گشتییەکاندا، ئاڵای گەورە نمایش دەکەن و باڵەخانە و کوچە و کۆڵان بە ئاڵای کوردستان رووپۆش دەکەن، هەموو نەتەوە و گەل و وڵاتێك لە جیهان، خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیانن کە گوزارشت لە هێما و بەرخوودانی ئەو لایەنە دەکات، ئەوانەی سەربەستن یان بە شێوەیەکی فیدراڵ دەژین خاوەنی ئاڵایەکن، ئاڵای کوردستان ئاڵای هەموو کوردانە.

- پێناسەی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان، ئاڵای کوردستان لە سێ رەنگ جیاواز و دروشمی خۆر لە ناوەندی پێکهاتووە.

- رەنگەکان:

ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە رەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە . بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی، رەنگی سوور هێمای خوێنی شەهیدانە، رەنگی سەوز هێمای گەشانەوە و خاکی کوردستانە کە هەردەم سەوزە، رەنگی سپیش هێمای ئاشتی و پاکی نەتەوەی کوردە.

- دروشمی نەتەوەیی:

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشك)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەك(١) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (٠,٥) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خالێکی تیژ دروست دەکەن، خۆرەکە دەبێ لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت.خۆر بەشێوەیەك جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ (تیشك) تێدەپەڕێت.

- پێکهاتەی رەنگەکان :

پێوانەی زانستی و هێمای رنگەکانی ئاڵای کوردستان بەم شێوەی خوارەوەیە :

- سوور : PMS ٠٣٢
- سەوز : PMS ٣٥٤
- زەرد : PMS ١١٦

**- شێوەی هەڵواسین و دانانی ئاڵای کوردستان :**

١. هەڵواسینی بە دار، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.

٢. بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.

٣. بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای راست.

٤. لە یەخەدانی وەك ڕۆزێت کە لە سەر سینگ دەدرێ، لە لای چەپ لە سەر دڵ لێدەدرێت.

٥. ئاڵای بچووکیش کاتێك لە سەر مێز دادەنرێت، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.

# سەمەرەکانی پرچی خانمان



شێواز و تەسریحەی پرچی ئافرەتان، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە داهێنانی تازە و کاری جوان و سەرنجڕاکێشتر دەردەکەون، کە هەندێکیان ئەوەندە سەرنجراکێشن لە جوانیدا، تەنانەت دڵی ئافرەتانیش رادەکێشن، ئەو مۆدە و دیاردەی تەسریحەی قژ تەنیا لە وڵاتانی رۆژهەڵات جێگەی بایەخە، ئافرەتانی رۆژئاوا و ئەوروپا تەنیا لە بۆنە و دەرچوونەکان پرچیان جوان دەکەن، پێچەوانەی ئەو جوانییەی پرچ، تەسریحەی سەیر و سەمەرەش هەیە، لە تازەترین نمایشیدا کە لەلایەن دیزاینەر و ئارایشتی کەنەدی (وینەیر رجین)، نمایشێکی گەورەی بۆ تەسریحە سەیرەکان کردەوە، ئەو نمایشە بە ناوی (ئەڤانتی گرادی)یە، تیایدا چەندین شێوەی جۆراوجۆری تەسریحەی پرچی ئامادەکردبوو، لەلایەن چەند خانمێکە نمایش دەکران، هەندێ لەو شێوازانەی پرچ لە شێوەی گیانداران و کەرەستە و کەلوپەل و ئامێرەکان بوون، هەندێکی دیکەش لە شێوەی فڕۆکە و هەلیکۆپتەر و ئوتۆمبێل بوون، مەبەستی ئەو دیزاینەرە ئەوەبوو، کە مەرج نییە پرچ تەنیا بەو شێوازە سەرنجڕاکێشە جوانکارییە بڕازێتەوە، بەڵکو ئەم شێوازانەش دەبنە مایەی سەرنجی هەمووان.







## یاری پیت

هەوڵبدە لە ڕیزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی :

| | | | |
|---|---|---|---|
| پ | ێ | ڵ | ۆ |

ئاسانکاری: جۆرە ئۆتۆمبێلێکە !



## لەیدی گاگای بچووک !

ئەگەرچی کەسانی گەورە و گەنج و مێرمنداڵان لاسایی کەسایەتی و هونەرمەند و یاریزانە بەناوبانگەکانی جیهان دەکەنەوە، ئەمجارە لاسایی کردنەوەکە پێچەوانەی هەموو پێشبینییەکە، (هارلۆ فەیت) ئەو کچە بچووکە تەمەن سێ ساڵانەیە، کە هەر لە تەمەنی دوو ساڵیەوە گۆرانیبێژی ئەمریکی لەیدی گاگای خۆشویستووە تەنانەت ڕۆژانە سەیری وێنەکانی دەکات و لاسایی گاگا دەکاتەوە، جگە لەوەی کە گاگا هەر جلێك لەبەر بکات، هارلۆش لە دایکی داوای دەکات، لاسایی کردنەوەکەی هەر تەنیا جل نییە، بەڵکو جووڵە و هەڵسان و دانیشتنیشی بە لەیدی گاگا دەچێ، لە ئێستاوە بە گاگا بانگی دەکەن، دایکی دەڵێ: داهاتووی کچەکەم لە شێوە و ڕووخساری لەیدی گاگا دەبینمەوە هەر لە ئێستاوە جووڵە و شێوەی وەك گاگا لێکردووە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

پێویستە هەموو هەوڵەکانت بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆت بێت، پێویست ناکات خۆت بخەیتە نێو کاری کەسانی دیکە، چونکە دواجار لەوانەیە ئەنجامی خراپی بۆت هەبێت. کارەکانت بە جوانی بەرێ بکە و هەنگاوەکانت فەرامۆش مەکە، هەستت فەرامۆش مەکە و ژیانی خۆت بۆ کەسێکی ناشایستە تێکمەدە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

وا هەست دەکەیت کەسێکی بێ بەختی و کارەکانت بە دڵی خۆت نابن، بەڵام وانییە و تەنیا پێویستە بە کارەکانتدا بچیتەوە و بزانە هەڵە و کێشەکانی بەردەمت چین. لە ماوەی ڕابردوودا چەند گرفتێکت بۆ دروست بوو، دڵتەنگ مەبە و لە داهاتوودا چارەسەر دەبن. هەست بە کەسێك دەکەی، بەڵام ئەو هەستی بۆت نییە.



**کاور ٣/٢١ - ٤/١٩**

کاتێك بیر لە کەسێك دەکەیتەوە، نابێ کەسێکی دیکە بکەیتە قوربانی، ئەو کەسەی ئێستا لە هەموو ژیانت بەشدارە و یارمەتیت دەدات، گرنگی زیاتری پێ بدە. ڕابردوو لە بیر بکە و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ. لە بواری سۆزداریدا پێویستە بڕیارەکانت شایستە و بوێرانەتر بن، کەسایەتیت فەرامۆش مەکە و متمانەت بە خۆت بێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەر هەنگاوێك دەهاوێژیت پێویستە پێشبینی داهاتووی بکەیت، ئەگەرچی داهاتووەکان دیار نین، بەڵام دەبێ ئەگەرەکان دابنێیت، نەوەك لە ئەنجامی کارەکانت تووشی شۆك بیت. لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا هاوسۆزن و هەوڵبدە زیاتر بە یەکەوە بن و سوود لە هەنگاوەکانی یەکتر وەربگرن.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسێکی ژیری لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەرت، بەڵام لە چارەسەری کێشەکانت سەرکەوتوو نابیت و زۆر جار کێشەکانت بە لوتکە دەگەن و تۆش دەستەوەستان دەبیت. بڕیارەکانت بۆ داهاتوو پێویستە وردبینتر بێت و سەرکەوتنیشت نزیکە، بەڵام مەهێڵە ئەو کەسەت لە دەست بچێت کە لە مێژە لە دڵتە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کارێك مەکە دواتر لێی پەشیمان بیتەوە، پێویستە سەرەتا بیر لە هەنگاوەکانت بکەیتەوە، تەنانەت ئەگەر کارەکەش بە خێرایی بۆت هات، هەوڵبدە پەلەی لێی نەکەیت، تا تووشی کێشە و گرفت نەبیتەوە. ناخۆشیت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەت مانای ئەوە نییە لێی دوور بکەویتەوە، ئەو لە مەبەستەکانت تێدەگات.



## پەند و وتە

**- کارل گۆستاف یۆنگ، دەربارەی ڕابردوو و داهاتوو دەڵێ :**

ئەوەی لە ڕابردوودا بەسەرم هاتووە و ڕوویانداوە و کردوومە، من لێی بەرپرسیار نیم، بەڵام ئەوەی لە داهاتوودا ڕوودەدەن و ئەنجامیان دەدەم، هەڵبژاردنی خۆمە و من لێی بەرپرسم!

## بــــۆ زانـــــیاریت

- بنێشت: بریتییە لەو ماددە لینجەی کە لە بەری دار و درەخت دەردەکەوێ، ماددەکی لینجە و بەهۆی نەبوونی ڕێژەیەکی پێویست لە ریشاڵ لەو ماددەیەدا، بۆیە لە دەم ناتوێتەوە و لیکەکانی ناو دەمیش کاریگەری لەسەر ئەو ماددەیە ناکەن، دەرکەوتن و دۆزینەوەی بنێشت بۆ ساڵی (١٨٧٠) دەگەڕێتەوە، کە کەسێکی ئەمریکی بە ناوی (تۆماس ئادامز) کاری دروست کردنی ماددەی لاستیك بوو، لەو کاتەی لە نێو دارستانێکی وڵاتی مەکسیك بوو، لە ناکاو دارێکی بینی کە ئەو ماددە بنێشتەی دەردەهاوێشت، ئەویش پێیوابوو کە ئەو ماددەیە دەبێتە لاستیك و سوودی دەبێ، دواتر کورەکەی ئەو ماددەیەی دەمی دەیویست بیخوات، بەڵام نەیتوانی قووتی بدات، تۆماس ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات کە خواردنێك بهێنێتە کایەوە لە دەم بمێنێ و تەواویش نەبێت، لە دوای ساڵێك لەم کارە، وازی لە کاری لاستیك و پلاستیك هێنا و کۆمپانیایەکی گەورەی دروست کرد کە تایبەت بە دروست کردنی بنێشت بوو، ئەو جۆرە بنێشتە بەبێ تام بوو، پاشان لە ساڵی (١٨٨٠)، (جۆن گۆلگان) هەڵسا بە زیادکردنی تامی گژ و گیا بۆ ئەو ماددە بنێشتە، دواتر لە ساڵی (١٨٩٢) ویلیام وریگلی، لە دوای ڕێکلامێکی زۆرەوە، بنێشتی ڕەنگاوڕەنگ و بە تامی جیاوازی داهێنا.





## مانای خەون

**- پەپوولە**

ئەگەر چی باڵندەیەکی جوانە و بە باڵە ڕەنگینەکانی هەستی هەمووان بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ئەی ئەگەر لە خەودا ئەو باڵندە ببینیت، دەبێ مانای چی بێت ! ئەگەر لە خەودا کۆمەڵە پەپوولەیەکت بینی لە دەوروبەرت بوون، مانای وایە تۆ کەسێکی خۆشەویستی و ئەوانەی دەوروبەرت لێت ڕازین، ئەگەر لە خەودا بە دوای پەپوولە بوویت، مانای ئەوەیە کەسێکی بە دوای کارێکدا ڕێگەت گرتووە و سەرکەوتووش دەبیت، ئەگەر لە خەودا پەپوولە بکوژیت مانای ئەوەیە کە تاوانت کردووە و یان دڵی کەسانی دیکەت شکاندووە، لە کاتێکدا ئەگەر خەوت بە پەپوولەی مردوو بینی، واتە بەرەو ڕووی کێشە و گرفت دەبیتەوە، گرتنی پەپوولە، واتە لە دوای کەسێکی و نیازت وایە دڵی ئەو کەسە بە دەست بهێنیت.



## فیلکاری

- لەم وێنەی بەفرەدا، باڵندەیەك هەیە، بتوانە بیدۆزیتەوە !



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و کاتێکت پێویستە کە پشوو بدەیت. زۆربەی کاتەکانت بە کار و گرفتەکانەوە بەسەر دەبەیت، پێویست ناکات ئەوەندە بە وردی لە ژیان بڕوانیت و داهاتووشت نادیار بێت. کەسێك نیازی وایە یارمەتیت بدات و کارەکانت بۆ ئاسان بکات، ڕێگەی بدە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هاوخەمیت بۆ کەسێکی نزیکی خۆت، مانای وەفا و ڕێزگرتنە لەو کەسە، بەڵام ئەو وا لێت تێناگات، چونکە تۆ هەستت بۆی دەرنابڕی. داهاتووی ژیانت بەرەو گۆڕانکاری دەچێ و بیرکردنەوەت جێگیرە، پێویستیت بە کەسێکە تا لە هەنگاوەکانت یارمەتیت بدات و ڕێگەت بۆ دیار بکات.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

دڵی کەسێکت لە خۆت زویر کردووە، هەوڵبدە لەگەڵی ئاشت ببیتەوە و مەهێڵە ناکۆکیتان بگاتە ئەو ئاستە. هەروەها بیری کەسێك دەکەیت کە هیچ سوودی بۆت نییە، هەوڵبدە بە یەکجاری لە بیری بکەیت، چونکە لەوانەیە دیسان کێشەت بۆ دروست بکات. بیر لە چارەسەری کێشەکانت بکەرەوە، زیاتر یارمەتی کەسانی ماڵەوەت بدە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

مەهێڵە چارەنووست بە دەست کەسێکی دیکەوە بێت، سەرەتا دەبێ داهاتووی خۆت دیار بکەیت و پاشان ڕێگەی ئەو کەسە بدە کە بتوانێ بێتە ناو ژیانت، یان لە دوورەوەی تۆ بێت، بڕیارەکانت ژیرانەیە، بەڵام ئەنجامەکان بە دڵی خۆت نین، هەستی کەسانی دیکە بریندار مەکە و زیاتر خۆت لەگەڵ دەوروبەرت بگونجێنە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەبەردەم خەون و ئاواتی کەسانی دیکە مەوەستە و گرنگی بە کارەکانی خۆت بدە، لە داهاتوودا لەگەڵ کەسێکی نزیکدا چەندین کاری هاوبەشی جوان ئەنجام دەدەن، بەڵام کەسێك نیازی وایە لە کارەکەت کێشەت بۆت دروست بکات و تۆش وریاتر بە. ڕێگەی داهاتووت بەرەو خۆشی و سەرکەوتن دەچێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێویستت بە کەسێکە تا لە ناخ و بیروڕات تێبگات، هەست بە ناخی کەسانی دیکە دەکەیت، بەڵام ڕێگە نادەیت کەسانی دیکە یارمەتیت بدەن. هەنگاوێك مەهاوێژە کە لێی دڵنیا نیت. بەر لە هەر کارێك ڕاوێژ بەو کەسە بکە کە لەلات گرنگ و خۆشەویستە، دڵنیابە لە داهاتووت بەرەو چاکی دەچێت.







## جوانترین سێ چاو لە جیهاندا

دوای ئەوەی کچە ئاوارەی ئەفغانستانی (شربات چۆلا)، لە ساڵانی هەشتاکان وێنەیەکی گیرابوو، دواتر نازناوی خاوەن جوانترین چاویان پێبەخشی، بەڵام ئەمجارەیان نازناوی چاو جوانی لە ئەفغانستانەوە بەرەو کەنداوی عەرەبی و عێراق ڕێگەی گرتووە، دواجار، کچێکی عەممانی بە ناوی (مەنال ئەریسی)، لەو کاتەی وێنەی چاوەکانی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بڵاو دەکاتەوە، ناوبانگێك دەردەکات، دواتر وێنەکانی لە گۆڤاری ناشناڵ جیۆگرافیك بڵاودەبێتەوە و دەبێتە خاوەن جوانترین چاو، کە چاوەکانی بە بریقە و گەش و گەورەن، سێیەمین چاوجوانیش کچێکی عێراقی دانیشتووی ئەڵمانیایە و ناوی (ڤیرۆنا)یە، جوانی چاوەکانی لە هەردوو ڕەنگی سەوز و هەنگوینی تێکەڵە، ئەوە جگە لە گەورەیی و خڕی و بریقەی گلێنەکانیشی، سەرنجی هەر کەسێك ڕادەکێشێت کە سەیری چاوەکانی دەکات.

## کاریکاتێر

-لەم وێنەیەدا، کاریکاتێرێکی کاریگەر بە شێوەیەکی جوان کێشراوە، کە باس لە سواڵکەرێك دەکات، ئاوێنەیەکی لەسەر ڕوخساری داناوە، بۆ داپۆشینی خۆی، هەروەها بۆ ئەو کەسەی سەیری بکات و خۆی ببینێت کە سواڵ دەکات، بەمجۆرە هەستی خەڵك دەبزوێنێ و شتێکی پێدەبەخشن.

